# بەکار هێنانی دەرمانەکان بە شێوەیەکی تەندروست

## کورتەی نامیلکەی ڕێنوێنی بۆ بەکارهێنانی دەرمانەکان بە شێوەیەکی تەندروست

1.2.2022

لەسەر پاکەتەکە و نامیلکەی ناو پاکەتەکە
زانیاریی سەبارەت بە دەرمانەکە هەیە.

نامیلکەی ناو پاکەتەکە ئەو ڕێنوێنییەیە
کە لە ناو پاکەتی دەرمانەکە دایە.

هەمووکاتێک دەتوانی لە دکتۆر، پەرستار و دەرمانخانە
سەبارەت بە دەرمانەکەت پرسیار بکەیت.

### چ جۆرە دەرمانێک هەن؟

جۆرە جیاوازەکانی دەرمانەکان
بۆ وێنە بریتین لە حەب، قەترە و مەڵحەم(کرێم).

سەبارەت بە هەر جۆرە دەرمانێک هێندێک بابەت هەیە
کە لەکاتی بەکار هێنانیاندا دەبێ لەبەر چاو بگیرێت.

هەمیشە پێش ئەوەی دەست بە بەکارهێنانی دەرمانەکە بکەیت،
لە نامیلکەی ناو پاکەتەکە دا
ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە بەکارهێنانی دەرمانەکە هەیە تەماشا کە.

### چۆن ڕادەی دەرمانەکە دیاری بکەم؟

دەرمانەکە لە کاتی خۆیدا بەکار بێنە.

لە ڕێگەی دکتۆر، پەرستار یان دەرمانخانە، دڵنییابەوە
کە ئایا دەرمانەکە دەبێ لە کاتێکی تایبەتی ڕۆژدا بەکار بێت یان نا.

دەرمانەکە لەسەر پێ یان بە دانیشتنەوە بەکار بێنە.

**خولی بەکار هێنانی دەرمان** واتای ئەوەیە
کە دەرمانەکە بۆ ماوەیەکی کورت بەکار دەهێنرێت.

**بەکارهێنانی دەرمان بە بەردەوامی** واتای ئەوەیە کە دەرمانەکە
بە شێوەیەکی بەردەوام بۆ وێنە هەموو ڕۆژێک بەکار دەهێنرێت.

**ئەو دەرمانەی کە بۆ کاتی پێوستە**، تەنیا کاتێک کە
نیشانەی نەخۆشیی هەبوو بەکار دەهێنرێت.

### دەتوانم دەرمانەکەم لەت یان ورد بکەم؟

ئەگەر نێوەڕاستی حەبەکە خەتی لەت کردنی لەسەر بێ،
دەتوانی حەبەکە لەت بکەیت.
لە کاتی ئاساییدا کەپسولەکان نابێ لەت یان ورد بکرێن.

### کاتێک لەبیریم چوو دەرمانەکەم بەکار بێنم، چ بکەم؟

ئەگەر لەبیرت چوو دەرمانەکەت لە کاتی خۆیدا بەکاربێنیت
یان بۆ وێنە ڕشایەوە، تەماشای ڕێنوێنییەکانی ناو
نامیلکەی پاکەتەکە بکە.

دەتوانی ڕاوێژ لە دەرمانخانە، پەرستار یان دکتۆر وەرگریت.

### کاتێک دەرمانەکەم لە ڕادەی خۆی زیاتر بەکار هێنا چ بکەم؟

ئەگەر دەرمانەکەت لە ڕادەی خۆت زیاتر بەکار هێنا
تەماشای نامیلکەی ناو پاکەتەکە بکە.

دەتوانی ڕاوێژ بە دەرمانخانە، پەرستار،
دکتۆر یان بنکەی
مەسموم بوون (Myrkytystietokeskus) بکەیت.

ژمارە تەلەفۆنی بنکەی مەسموم بوون
0800 147 111 یە (بێ بەرامبەر) .
بنکەی مەسموم بوون هەمیشە کراوەیە.

قەت دەرمانێک کە بۆ کەسێکی تر دانراوە بەکار مەهێنە .
ئەو دەرمانانەی بە ڕەچەتە بۆ تۆ دانراون مەدە بە کەسی تر.

## لیستی دەرمان چۆن هاوکاری من دەکات؟

لیستی دەرمان لیستی بەڕۆژکراوی
ئەو دەرمانانەیە کە بەکاریان دێنیت.

لە لیستی دەرمانەکە دا ئەو بابەتانەی خوارەوە هەن

- ئەو دەرمانانەی دکتۆر بە ڕەچەتە بۆی داناوی
- ئەو دەرمانانەی خۆت دەتوانی لە دەرمانخانە بێ ڕەچەتە بیانکڕیت
- بەرهەمی خۆراکیی بەهێزکەر
- پێکوتەکان
- حەساسییەتەکانی بە دەرمان هەتن

لە ناو لیستەکەدا ناو، ڕادە و هۆی بەکار هێنانی هەموو
پێکهاتەکانی نێو ئەودەرمانانەی بەکاریان دێنی، بنووسە.

**لیستی دەرمانەکانت هەمیشە پێ بێت.**
**کاتێک لە دەرمانخانە یان بنکەی تەندروستی کارت هەبو**
**بە کارمەندانی وێی نیشان بدە.**

## چۆن چاودێریی سەرکەوتوو بوونی چارەسەریی بە دەرمانەکە بکەم؟

وا باشە کە خۆت چاودێریی چۆنیەتی سەرکەوتوو بوونی دەرمانەکە بکەیت.

لە دکتۆرەکەت پرسیار بکە
کە بە بەکارهێنانی دەرمانەکان چاوەڕێی چ ئامانجێک دەکرێت.

ئەگەر دەرمانەکە هاوکاریت ناکات،
زیانی لاوەکی هەیە یان گرفتت لە بەکار هێنانی دا هەیە،
پەیوەندی بە پەرەستار، دکتۆر یان دەرمانخانەوە بگرە.

## دەرمانەکانم چۆن هەڵگرم؟

هەڵگرتنی دەرمانەکان بە شێوەیەکی ڕاست،
دڵنییایی لە کارایی و تەندروستیی دەرمانەکە
تا ئاخر ڕۆژی بەکار هێنانیت پێ دەدات.

شێوازی هەڵگرتنی دەرمانەکان لە قەراخی پاکەتەکەیان
و نامیلکەی ناو پاکەتەکەیان هەیە.

## ئەو دەرمانانەی کۆن بوون یان بە کەڵک نایەن چۆن فڕێ بدەم؟

دەرمانی کۆن بوو بەکار مەهێنە.

دەرمانە کۆنەکان بەرە بۆ دەرمانخانە.

دەرمانخانە دەرمانەکان بە شێوەیەکی گونجاو لە ناو دەبات.

بۆ زانیاریی زیاتر: ڕێنوێنی بۆ بەکارهێنانی دەرمانەکان بە شێوەیەکی تەندروست
(Opas turvalliseen lääkehoitoon) (بە ئینگلیسی)

LUOTETTAVAN
LÄÄKETIEDON
PUOLESTA
Lääkeinformaatioverkosto